**ڕاستەقینەی ئایین!؟**

نادر فەتحی (شوانە)
11.02.2022

مامۆستایانی ئایینی لەم ڕۆژانەدا هەڵوێستیان لەسەر بۆچوونە مێژووییەکانی کاك ناسر ڕەزازی لەسەر پەیوەندی نێوان ئایینی ئیسلام و کورد گرتووە و بە سووکایەتی بە ئایینەکەیان ناساندووە .
بە درێژایی تەمەنی دامەزراندنی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بارودۆخێک بۆ مرۆڤی وڵاتانی ئیسلامی پێك هێنراوە کە ئیزن بە کۆمەڵانی خەڵک نادرێ ڕەخنەیەك لە ئایینەکە بگرن .
هەر کەسیش هەوڵی ئەو کارەی دابێ، دەستبەجێ فتوای کوشتنی دراوە .
ئایینێك کە خۆی بە ڕاستەقینە و هەموو بۆچوونەکانی تر بە هەڵە دادەنێ، خۆڕاگریی لە هەنبەر هیچ ڕەخنەیەکدا ناکات .
ئێمە وەك نەتەوەی کورد هەر وەك هەموو نەتەوەکانی تری ناوچەکە ساڵیانی درێژە ئایینی ئیسلاممان بەسەردا سەپاوە. بە بێ ئەوەی لە مێژووی ئەو ئایینە ورد بینەوە و بزانین لە کوێوە و چلۆن ئەو دۆڵپایە سواری شانمان بووە، وەچە بە وەچە بە شێوەیەکی جیددی ئەو بیروبۆچوونە بە منداڵەکانمان دەسپێرین. بە بێ لەبەر چاوگرتنی ڕوخساری ڕاستەقینەی پێکهێنەرانی ئەو ئایینە، و بە بێ ئەوەی بزانین هەڵس و کەوتی ئەو مرۆڤە بە خەیاڵ ئیلاهییانە چلۆن بووە، وەك سیمبۆل یاخود بوتێکی چێکراو ساڵیانی درێژە کەوتووینەتە شوێنیان، خۆمانی پێ فریو دەدەین و مێشکی خۆمان و منداڵەکانمانی پێ ئالوودە دەکەین .
ئایا ئەو مامۆستا ئایینیانە تا ئێستا لەخۆیان پرسیار کردووە بۆچی موسوڵمانن؟ ئایا دەزانن ئەگەر لە وڵاتێکیتر و داب و نەریتێکیتردا هاتبانە سەر دنیا، فڕیان بە ئایینی ئیسلامەوە نەدما؟
شەڕی ناوخۆیی وڵاتە موسوڵمانەکان هەروەها ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان ئایینیەکان لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا بەڵگەیە بۆ ڕەنگدانەوەی گوتەکانی قورئان و پێکهێنانی شەڕی سەردەم .
نوسراوەکانی ناو قورئان خۆیان بەرپرسن بۆ دروستکردنی ئەو کێشەیە، چونکە لە لایەکەوە پەیامی ئاشتیان پێیە و لە لایەکیتریشەوە هەوڵی بەفەرمیکردنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان مرۆڤدا دەدەن. ئەو دژایەتی و پەرچەکردارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی محەمەدەوە هەبووە، کە لە

سەرەتاوە ئاشتیخوازانە بانگەوازی بۆ ئایینەکەی داوە بەڵام لە کۆتاییدا تۆوی شەڕ و ڕق و کینەی چاندووە.
ئەو مامۆستایانە سوورەیەکی قورئان وەك نموونە بۆ ئاشتی و دەربڕینی ئازادی بیرکردنەوە دێننەوە. هەر وەك دەزانین نووسراوەکان و سوورەکانی ناو قورئان تەنیا گێڕانەوەی مێژووی ٢٣ ساڵ حکوومەتی محەمەد لە سەرەمی خۆیدا بووە .
سوورە کۆتاییەکانی ناو قورئان قاو بۆ شەڕی سەروماڵ دژ بە هەموو بێ دینەکان دەدەن. ئەگەر لە قۆناخی سەرەتایی بارودۆخی مەدینەدا قورئان ئیزنی شەڕی پارێزگاریکردن لە خۆی، بەفەرمی کردبوو، ئەمجارەیان سوورە کۆتاییەکان بەتایبەت سوورەی ٩ بە تەواوی هێزەوە ئایینییەکان هان دەدات بۆ کوشتنی بێ دینەکان.
لە کتێبی قورئاندا هەردووك پەیامەکان بوونیان هەیە: "پەیامی خۆشەویستی" و "پەیامی ڕق و کینە ."
ئەوە تەنیا بڕیاری باوەڕپێکراوی موسوڵمانە کە بە کامیەك لەو پەیامانە ئیعتبار بدا. تڕۆریستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کارێکی ئازایانەیە، بە ناوی خودا و پێغەمبەر و قورئانەوە خۆیان بتەقێینەوە و مرۆڤی بێ تاوان بکووژن .
بە بڕوای من زۆر لەوە ئازایانەتر دەبوو ئەگەر موسوڵمانان کتێبە پیرۆزەکەیان لە ئاسمانەوە هێنابایەتە خوار و وەك تێکستێکی ئینسانی سەیریان کردبا. تەنیا بەو شێوەیە دەکرێ بۆ بەشی ئاشتیخوازیی ئەو کتێبە گوێگر پەیدا بکرێت.